# قوتابیان و لاوانی کوردستان ١٨ی شوبات بە لاپەڕەیەکی درەوشاوی مێژوو دەزانن

یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ساڵی١٩٥٣ی زایینیدا لە باشووری کوردستان دامەزران، هەر لەگەڵ دامەزراندنیان، بوونە بەشێکی گرنگ لە خەباتی پیشەیی و جەماوەری ئەو قۆناغەی کوردستان و تاوەکو ئێستاش لەگەڵ رەوت و سەردەمە جیاوازەکان خۆیان گونجاندووە. لە هەنگاوەکانی بەرەو پێشکەوتن بەردەوام بوون و، شانیان داوەتە بەر بارێکی گران بۆ پێگەیاندنی سەرکردەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستان، بە دەیان سەرکردە و کادریان پێگەیاندووە. بە درێژایی مێژووی تەمەنی ئەم دوو رێکخراوە، ئەوەیان سەلماندووە کە دیدگایان زۆر رۆشن بووە بۆ پێگەیاندن، یەکێتی قوتابییانی کوردستانیش هەمیشە لە پێگەیاندنی نەوەی رۆشنبیر و خاوەن مەعریفەدا پێشەنگ بووە، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە بە بێ جیاوازیی رەگەزی، تاکی کارامە و بەتوانا پێبگەیەنێت، هەر بۆ نموونە لەیلا قاسم یەکەم ئافرەتی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە سەر بیروبۆچوونە رەواکانی لە سێدارە درا، ئەو شۆڕشگێرە لە قوتابخانەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان فێری خەبات و تێکۆشان بوو. لە ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ق.ک) و (ی.ل.د.ک) بۆ هەمیشەش قوتابیان و لاوانی کوردستانیش ١٨ی شوبات بە لاپەڕەیەکی درەوشاوی مێژوو دەزانن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتیەکەمان بە حزور و ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بەڵێنمان دا باشترین بین و ئەوەی پێویست بێ هەوڵبدەین پێشکەشی لاوانی کوردستانی بکەین**

**ئەندام و کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕۆڵی پێشەنگانەیان بینیوە لەو وێستگە مێژووییانەی کە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆیان لێ بەرهەم هاتووە و لە داهاتووشدا زامنی گەیشتنن بە ئامانجی گەورەتر و دەستکەوتی گرنگتر بۆ گەلی کوردستان دەکەن**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەردەوام ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە کایە جیاوازەکانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و مەدەنی بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. لە ڕوانگەی بڕوابوون بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان**

نێچیرڤان کەلاری سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ١٨ـی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ـەوە تاوەکو ئێستا کە نزیك دەبینەوە لە ٦٧ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەردەوام ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە کایە جیاوازەکانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و مەدەنی بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. لە ڕوانگەی بڕوابوون بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان وەك لە پێشینەی کارنامەی (ی.ق.ك) ئاماژەی پێ دراوە، لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، دواتر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ئازادکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ٢٠٠٣ و ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە ٢٥ـی ئەیلوولی ٢٠١٧، ئەندام و کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕۆڵی پێشەنگانەیان بینیوە لەو وێستگە مێژووییانەی کە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆیان لێ بەرهەم هاتووە و لە داهاتووشدا زامنی گەیشتنن بە ئامانجی گەورەتر و دەستکەوتی گرنگتر بۆ گەلی کوردستان دەکەن.» هاوکات دەڵێت: « یەکێتی قوتابیانی کوردستان نوێنەرایەتیی خواست و ویستی قوتابیانی کوردستان دەکات و هەمیشە بە کردەوە بەرگریکاری مافەکانیان بووە، لە داهاتووشدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان کار دەکات لەسەر پەیڕەوکردنی چەند بنەمایەك بۆ گۆڕینی شێوازی کاری ڕێکخراوەیی بە جۆرێك کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەك هەمیشە لە ئاست خواست و چاوەڕوانی قوتابیانی کوردستان بێت.»

نێچیرڤان کەلاری لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا پێداگری لەوە دەکات کە «یەکێتی قوتابیانی کوردستان تێدەکۆشێت لە پێناو پاڵپشتیکردنی کچان و هاندانیان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و ڕۆڵ بینین لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، و ڕەخساندنی زەمینەی لە باری کارکردن بۆ قوتابیانی کچ لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن.» هاوکات دەڵێت: « یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم ئەو دیاردانەی بە کۆمەڵگەی کوردستانی نامۆن، چڕ دەکاتەوە و بەردەوام کار لەسەر ڕۆشنبیرکردن و بونیادنانی تاك لەسەر بنەمای بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی کوردستانی دەکات.» گوتیشی: «لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە دروشمی (نوێبوونەوە و بەردەوامی)، بەردەوام دەبێت لە نوێبوونەوە و خۆگونجاندنی زیاتر لە پێناو بەردەوامیدان بە ڕۆڵی پێشەنگانەی لە نوێنەرایەتیکردنی قوتابیانی کوردستان.» پیرۆزباییش لە سەرجەم قوتابیان و لاوانی کوردستان و ئەندام و کادیر و سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، دەکات، بە بۆنەی ١٨ـی شوبات، ٦٧ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ق.ك) و (ی.ل.د.ك) و ڕۆژی قوتابیان و لاوانی کوردستان.»

لەلای خۆیەوە مەیسەر نهێلی سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵیادی ١٨ی شوبات ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان گوتی:» پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم لاوانی کوردستان دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدی سەرکردە کاکە (فەڕەنسۆ هەریری) دادەنوێنین کە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەدەستی ڕەشی تاریکی پەرستان شەهیدکرا، بۆیە بەڵێنی بەردەوامی پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە لاوانی کوردستان دووپاتدەکەینەوە»

گوتیشی:» هەر لەم ساڵیادە پیرۆزەدا بەڵێن دووپاتدەکەینەوە کەوا یەکێتی لاوان چۆن لە سەردەمی پێشودا کە لەسەر دەستی جەنابی مەلا مستەفای نەمر دامەزرا بۆ خزمەتکردن توێژی لاوان ئێمەش درێژەپێدەر و پێشمەرگەی ئەو ڕێبازە پیرۆزە بین بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاست ئەو متمانەیە بین کە پێمان بەخشراوە، بۆ زیاتر هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی باشترین و شیاوترین دەرفەت بۆ لاوانی وڵاتەکەمان بۆ ئەوەی لە هەموو ئاست و بوارێك پێبگەن و هۆکاربن بۆ پێشخستنی کوردستان لە داهاتوو لە هەموو ئاستێکدا. مەیسەر نهێلی لە درێژەی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە:» ڕێکخراوی یەکێتی لاوان ڕۆڵ و پێگەی زۆر گرنگ و هەستیاری هەیە لە کوردستان و توانیویەتی چەتری کۆکەرەوەی لاوانی کوردستان بێت بە بێ ڕکابەر بۆ پێشکەشکردنی باشترین دەرفەت بۆ دەرکەوتنی ئاست و توانا و لێهاتووی لاوان بە بێ جیاوازی ئینتیمای سیاسی و ئایینی و زمان و کلتور و ڕەگەزی، ئەمەش بە شێوەیەکی کرداری لە نێو یەکێتی لاوان دەبیندرێت لە ئاستی کوردستان بۆ خزمەتکردنێکی شایستەتر بە لاوانی کوردستان.

وەك چۆن دوای دەستبەکاربوونمان لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتیەکەمان بە حزور و ئامادەبوونی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بەڵێنمان دا باشترین بین و ئەوەی پێویست بێ هەوڵبدەین پێشکەشی لاوانی کوردستانی بکەین ئەمە بە کردەیی لە ماوەیی ساڵێکی دەستبەکاربوونمان پیشانمان داوە لەسەرجەم بوارەکان، لە داهاتوو پلانی کورتخایەن و درێژخایەنی یەکێتیەکەمان هەیە بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکان لاوانی کوردستان سودمەند بکەین لەسەرجەم ئۆفەر و چالاکیەکانمان، بەبێ جیاوازی چونکە ئەرکی ئێمە خزمەتکردن و دروستکردنی تاکی کوردە بەشێوەیەکی تەندروست بۆ خاك و نیشتیمان، هەڵبەت هەوڵەکانیشمان چڕ دەکەینەوە بۆ دروستکردنی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی لاوان لە کوردستان و بەستنەوە و گرێدانی چالاکیە جۆراوجۆرەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە لاوانی پارچەکانی تریش پێشکەش بکەین، لە هەر بوارێکیش لاوانی کوردستان پێویست بێ ئێمە هاوکار بین بۆ ئاڕاستەکردنیان بەدڵنیاییەوە پێشەنگ دەبین و سڵ ناکەینەوە بۆ ئەوەی لاوی کورد هیچ کات بێ ئومێدنەبێ و بەردەوامی بە کار و پڕۆژەکانی بدات».

هاڤانا موسا کارگێڕی ناوەندی باڵای هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەمساڵ یەکێتی لاوان و قوتابیانی دیموکراتی کوردستان مۆمی ٦٧ ساڵەی تەمەنیان دادەگیرسێنن، ئەو دوو رێکخراوەی کە لە دیرۆکی تەمەنیاندا هەمیشە سەرمەشق بوون لە پێگەیاندنی کادیران. یەکێتی لاوان و قوتابیان لە ١٨ـی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ بە بڕیاری رابەری رۆحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر لەژێر دروشمی (لاوان شورەی پۆڵایینن بۆ پاراستنی کوردستان)، (قوتابیان سەری رمن لە گشت شۆڕش و راپەڕینێکدا) دامەزرا، خەباتی نەپساوەی ئەو کاروانە سەرکەشە وایکرد کە هەمیشە پێگەیان بە هەند وەربگیرێت و بە رۆحیەتێکی مەزنەوە بەشداری لە بنیادنانی کوردستانێکی بەهێزتر بکەن.» گوتیشی: «لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەك کادیرێك و لاوێکی کوردستان بە بۆنەی ئەو یادە مەزنەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندامان و کادیرانی شورە پۆڵایینەکە بکەم و، هەر لەو یادەدا سەری رێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدی سەرکردە (فەرەنسۆ هەریری) دادەنوێنین کە بە دەستێکی رەشی تاریکپەرستان چووە بەر کاروانی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان.»

ئەحمەد تەحسین سەلیم، کارگێڕی ناوچەی ئامادەییەکانە لە لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و باسی ئەوە دەکات کە «دامەزراندنی یەکێتییەکی وەها مەزن وەك یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستان بۆ وەرگرتنی داوا و خواستی قوتابیان دامەزرا، بەردەوامیش لە بەرەوپێشچووندا بووە و دەبێت، لە هەموو ئەو سەختی و دژوارییانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە. یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستان بەردەوام بەشێکی گرنگ و هەستیاری دژ بە دوژمنانی گەلەکەمان بووە و، لە هەموو قۆناغەکانیش قسە و کردەوەی کاریگەری هەبووە، کە بەشێکی خەباتکردن لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان و رێکخستنی نهێنی بووە، ئەوەش بەشێکی گرینگی شۆڕشەیەك لە دوای یەکەکانی گەلی کورد بووە.»

ئەحمەد تەحسین لە بەشێکە دیکەی لێدوانەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە قۆناغی دوای راپەڕین تاوەکو ئێستا پێشەنگی هەموو رێکخراوەکانی دیکە بووە، زۆرجاریش لە کوردستان بە رکابەری سەرسەختی حزبایەتی دانراوە، جگە لە مێژووە دوور و درێژە پڕشانازییەکەی یەکێك لەو قوتابخانانە بووە کەوا بەردەوام شوێنی پێگەیاندن و دروستکردنی چەندین سەرکردەی گەلی کورد بووە.» گوتیشی: «یەکێك لەو دەستکەوتانەی کە جێگای شانازییمانە ئەنجامدانی (١٤)کۆنگرە و شەش کۆنفرانسی ناوخۆییە کە دەینەمۆی بەهێزیی و بەردەوامی و مانەوەی یەکێتییەکە بووە، لە مەیدانی خەباتیشدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان چەندین شەهیدی داوە، لەوانە شەهید (مەئموون دەباغ و محەمەد عوبێد و ...هتد،) تاوەکو کۆتا شەڕ کە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەرامبەر تاریکپەرستانی داعش رووبەڕوو بوونەوە، لە ئێستاشدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان یەکێکە لەو رێکخراوانەی کەوا جێگەی متمانە و باوڕی قوتابیانە و هەمیشە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی قوتابیانە و لە پێشەنگی هەموو رێکخراوەکانی دیکەدایە، هەر وەك چۆن بارزانیی نەمر فەرموویەتی: قوتابیان سەری رمن لە گشت شۆڕش و راپەڕینێکدا.»

**لە داهاتووشدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان کار دەکات لەسەر پەیڕەوکردنی چەند بنەمایەک بۆ گۆڕینی شێوازی کاری رێکخراوەیی بە جۆرێک کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەک هەمیشە لە ئاست خواست و چاوەڕوانی قوتابیانی کوردستان بێت**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان تێدەکۆشێت لە پێناو پاڵپشتیکردنی کچان و هاندانیان بۆ کاری رێکخراوەیی و رۆڵبینین لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، و رەخساندنی زەمینەی لە باری کارکردن بۆ قوتابیانی کچ لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم ئەو دیاردانەی بە کۆمەڵگەی کوردستانی نامۆن، چڕ دەکاتەوە**